# کوردستانی باکوور لەهەڵبژاردنی داهاتوو خۆی یەکلایی دەکاتەوە

رۆژی حەوتی حوزەیرانی داهاتوو، هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا بەڕێوە دەچێ، ئەمجارەیان کوردانی باکوور وەک قەوارەیەکی سەربەخۆ بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا دەکەن. ئەمە یەکەمین جارە لە مێژووی تورکیادا کە کووردانی باکوور وەک لیست و حیزب بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن، چونکە بەهۆی بوونی ڕێگری و بەربەستی ١٠% هەمیشە کورد ناچارکرابوو کە وەک کەسایەتی سەربەخۆ بەشداریان دەکرد، کاتێک دەگەیشتنە پەرلەمان فراکسیۆنی سەربەخۆیان پێکدەهێنا، بەڵام ئەمجارەیان کورد هەنگاوی نوێ هەڵدەگرێتەوەو دەچێتە قۆناغێکی جیاوازەوە.

هەندێک لە چاودێران بەشداریکردنی کوردان بە لیستێک وەک سەرەڕۆیی و خۆکوژی لەقەڵەم دەدەن، بەڵام سیاسەتمەدارانی باکوور لە سەرکەوتن دڵنیان و بێباکانە بەرەو هەڵبژاردن دەڕۆن، بەهۆیەوە چاوی جیهانیان و خاوەنڕامانەکان لەسەر ئاکامی هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیران گیرساوتەوە.

بەگوێرەی زانیاریەکان، لە تورکیادا حەوت هەزار کەس لەلایەن ٣١ پارت و لیستی جۆراوجۆرەوە، بۆ بەرئەندامێتی پەرلەمانی خۆیان کاندیدا کردووە. هەروەها پارتی دیموکراتیکی گەلان (هەدەپە) بە پێنج سەدو پەنجا پاڵێوراو لەو هەڵبژاردنەدا کێبەرکێ دەکات.

لەلایەکی دیکەوە، بەشێک لە چاودێران بڕیارەکەی هەدەپە بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا وەک حیزب بە بڕیارێکی بوێرانەو ئازایانە هەڵدەسەنگێنن و بە بڕیارێکی چارەنووسسازە بۆ کوردانی باکوور و ئازادیخوازنی تورکیا لێکیدەدەنەوە.




لە هەڵبژاردنی خولی پێشووی پەرلەمانی تورکیادا که لە ساڵی ٢٠١١ بەڕێوەچوو بوو، پاڵێوراوە سەربەخۆکانی کورد سێ و شەش کورسیان مسۆگەر کردبوو. ئەوەش بە بەراورد بە ژمارەی کوردانی باکوور یەکجار کەم بوو. ئەگەرچی لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١١ پارتی دادوگەشەپێدان سەرکەوتنی بەدەستهێنابوو،ڕێژەی ٩.٤٩%ی مسۆگەر کردبوو، هەرچەندە کە ئەردۆگان بانگەشەی سەرکەوتنی گەورەتر لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دەکات و خەون بە تێپەڕاندنی ٥١% دەبینێ، بەڵام چاودێران پێیانوایە ئەمجارەیان ڕێژەکە کەمتر دەبێتەوە و خەونەکانی ئەردۆگان و پانئیسلامیەکان هەرەس دەهێنێ.

بێگومان هەڵبژاردنی داهاتوو بۆ کوردو بۆ ئەردۆگانیش چارەنووسسازە، بەڵام ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە بە سەرکەوتنی هەدەپە دەبێتە ، ژمارەی پەرلەمانتارانی کورد لە ٧٥ نزیک دبێتەوە، ئەگەر ئەوەش ڕوویدات، ئیدی قۆناغێکی نوی دێتەپێش.

ژووری هەڵبژاردنی پارتی دادوگەشەپێدان پێشبینی ئەوە دەکات کە هەدەپە بەربەستی ١٠% تێپەڕ دەکات، هەروەها بەپێی ڕاپرسییێکی دەزگەی سۆنڕای تورکیا و لێدوانێکی بولەند ئارینج جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیا و دامەزراوەی گەزیجی، هەدەپە دەتوانێ بەربەستی ١٠% ی هەڵبژاردن تێپەڕێنێ. بەوهۆیەوە ئاکپارتی ترسی لێنیشتووەو لێبڕاوانە هەوڵی بەدەستهێنانی دەنگی کوردان دەدات، بۆ ئەو مەبەستەش ئامێری ڕاگەیاندنی وەگەڕخستووە، لەلایەکەوە بەڵێنی بریقەدار بەکورد دەدات، لەلایەکی دیکەشەوە هەڕەشە لە کورد دەکات و بەهەڵگەڕاوە لە ئیسلام تۆمەتباری دەکات و وابڵاو دەکاتەوە کە کورد بەرەو زەردەشتی دەگەڕێنەوەو پشت لە ئیسلام دەکەن!!

ئەردۆگان هەموو شێوازەکانی فریودان تاقی دەکاتەوە، دەست بۆ هەموو فێڵ و تەڵەکەبازییەک دەبات، مخابن هەندێ کوردی بەناو سیاسەتکاریش فریوی ئەردۆغانیان خواردووەو پشتیوانی لێدەکەن. هەروەها هەندێک پارتی دیکەی کوردیش بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی بەربینگی لێگرتوون و بێئاگا یان بە زانابوون هاودەستی لەگەڵ ئەردۆگان دەکەن ، بۆ بەفیرۆدانی دەنگی کورد بۆخۆیان بەشداری لەهەڵبژاردندا دەکەن، لەکاتێکدا ئەو پارت و کەسایەتیانە دڵنیان کە ناگەنە پەرلەمان و دەنگەکانیان بە فیرۆ دەڕوات، هەڵبەت بەفیڕودانی دەنگی کوردستانیش لەبەرژەوەندی پارتی دادو گەشەپێدان یەکلایی دەبێتەوە. بەڵام بەشداریکردنی هەدەپە ڕێگری لە بەفیرۆدانی ئەو دەنگانە دەگرێ، وادەکات کە هەندێک لە دەنگەکان بۆ بەرژەوەندی کورد بگێڕێتەوە.

بیست و پێنجەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا لە حەوتی حوزەیرانی ئەمساڵدا بەڕێوە دەچێ. هەم ژمارەیەکی بەرچاوەو هەمیش بۆ کورد خاڵی وەرچەرخان دەبێ. هەروەها بەپێی ڕاگەیاندراوی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا تورکیا ئەمجارەیان ٥٦ ملیۆن و ٦٣٢ هەزار و ٦٥٨ کەس لە تورکیا مافی دەنگدانیان هەیە کە نزیکەی سێ ملیۆن لەو دەنگدەرانە لە دەروەی تورکیادا دەژین.

گەشبینی لە سەرکەوتنی هەدەپەدا هەیە، بەڵام نەخوازە ئەگەر بەربەستی ١٠% تێپەڕ نەکات، خەنجەرەکە هەڵدەگەڕێتەوە، بەوهۆیەشەوە پارتەکەی ئەردۆگان لەلایەکەوە قازانج دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە وڵاتەکەی بەرەو تەنگژەو قەیرانی دیکە شۆڕ دەبێتەوە. ئێستا کێبەرکێی هەڵبژاردن هەمووانی مژول و سەرقاڵ کردووە، لەوانەیە لە دوایین ڕۆژەکانی هەڵمەتی بانگەشەکردندا شێوازی بریندارکردن هەڵبگیرێتەوە، بەتایبەتیش خودی ئەردۆگان و سەرکردەکانی پارتی دادوگەشەپێدان هەر لە ئێستاوە ئۆقرەیان لێهەڵگیراوە، ڕاستیەکەشی کێبەرکێکە تەنیا لەنێوان هەدەپەو ئاکپارتیدا بەڕێوەدەچێ، بۆیە چۆنێتی دەکارکردنی دەنگەکان هەموو کوردستانیانی باکوور ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی مێژوویی دەکاتەوە، باوەڕ ناکرێ کە ئەندامانی هۆشیاری نەتەوەیەک دەنگ بە پارتێکی وەک دادوگەشەپێدان بدەن کە بە درێژایی ١٢ ساڵی ڕابردوو بەردەوامی بە چەواشەکاری و فریوکاری داوەو هەنگاوی کردەیی بۆ چارەسەکردنی کێشەی کوردو بەختەوەرکردنی خەڵکی هەژار نەهاوێشتووە، هەروەها لەم تاقیکردنەوەو ئەزموونەشدا بێویژدانیە کە ئەگەر کوردێکی خۆ بەوڵاتپارێزو پێشڤەڕۆ دەنگ بە هەدەپە نەدات و ڕاستی ئامانجەکان نەبینێ کە بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کورد و بەختەوەرکردنی چەوساوان هەڵگیراونەتەوە.

وێڕای هەموو ئەوانەشەوە هێشتا لە چاوەڕوانی ئاکامەکانی هەڵبژاردندا هەڵوێستە دەکرێ، هەرچەندە کە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار لە تورکیا، کە لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ بەڕێوەچوو، سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی هەدەپە نزیکەی دە ملیۆن دەنگی هێنا، جا ئەگەر بەو چاوە لێیبڕوانێ، گەشبینانە دەگوترێ کە بەربەستەکە دەشکێ و هەدەپە وەکو حیزبێک لەنێو پەرلەمانی تورکیادا جێدەگرێ.

من پێشبینی ئەوە دەکەم کە ئاکپارتی لە ناوچە کوردیەکان لە کورتی بدات و ئەو دەنگانەش بۆ قازانجی هەدەپە بگەڕێنەوە. وێڕای ئەوانەشەوە دەبێ چاوەڕوانی ئاکامەکانی هەڵبژاردن بکەین و بزانین کوردی باکوور بۆ کێ خۆی یەکلایی دەکاتەوە؟!

**هاشم عەبدوڵڵا محێدین**

hashm_abdulla@hotmail.com

# خوێندنەوەیکی خێرا بۆ دیدارەکەی نێوان مەسعود بارزانی و باراک ئۆباما

سەردانەکەی شاندی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم بۆ ئەمریکاو دیدارو کۆبوونەوەی لەگەڵ باراک ئۆبامای سەرکۆماری ئەو وڵاتە لە ڕۆژی ٥-٥-٢٠١٥دا لێکدانەوە و شرۆڤەی جۆراوجۆری بە دوای خۆیدا هێناوە، کوردستانیانیش بە پەرۆشەوە لە ئاکامەی دەڕوانن و دەخوازن هەرچی زووترە ئاکامی ئەو سەردانە وەک مژدەیەک ڕابگەیەندرێ.

پێش سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم باس لە بەڕێوەبردنی ڕیفراندۆم لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی دەکرا، بەڵام کاتێک سەردانەکە دەستی پێکرد، بە فەرمی ڕاگەیەندرا کە مەبەست لە سەردانەکە باسکردنە لە چۆنیەتی خۆئامادەکردن بۆ ڕزگارکردنی شاری موسڵ و پڕچەککردنی ڕاستەوخۆی هێزی پێشمەرگە لەلایەن ئەمریکاو بیرکردنەوە لە ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچەو شارانەی کە بە هۆی شەڕی داعشەوە وێران و خاپورکراون.

هەروەها دوای دیدارەکە، کۆشکی سپی لەبارەی دیداری بارزانی و باراک ئۆباما، ڕایگەیاند: باراک ئۆباما و جۆ بایدن لە دیدار لەگەڵ مەسعود بارزانی جەختیان لەسەر هاوکارییەکانی هەولێر و بەغدا بۆ پاراستنی عێراقێکی یەکگرتوو، یەکپارچە و دیموکراتیک، کردۆتەوە. بەرلەسەفەری بارزانی، کۆمیتەی هێزە چەکدارەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران بە ٦٢ دەنگ پڕۆژە بڕیارێکی بۆ پڕچەککردنی ڕاستەوخۆی هێزی پێشمەرگەو چەکدارانی سوننەکان پەسند کردبوو، بۆ سەرڕاست کردنەوەی ڕەوانەی سەرۆکایەتی کۆنگرێسی کردبوو، بۆیە هیواو ئاواتێکی زۆر لەسەر سەردانەکەی هەڵچنرابوو، کوردستانیان بە گەشبینی و ناحەزانیش ڕەشبینانە لێیاندەڕوانی، تەنانەت هەندێک شرۆڤەکاری عەرەبی دەمارگیر پێیانوابوو کە گەلاڵەسازی بۆ هەڵوەشاندنەوەی عێراق دەکرێ!!

ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە کە هیچ کات عێراق وڵاتێکی یەکگرتوو نەبووە، بەتایبەتی بەهۆی ئەو زوڵم و ستەمەی کە ڕژێمە یەک لەدوا یەکەکان لە کوردستانیان کردووە، بەوهۆیەوە دوای ڕووخاندنی سەدام، وا چاوەڕوان دەکرا کە عێراقی نوێ ببێ بە عێراقی هیواو ئاوات!! بەوهۆیەوە سەرکردەی حیزبە باڵادەستەکانی کوردستان زۆر لێبڕاوانە بۆ دامەزراندنەوەی عێراق تێکۆشان، بارگەو بنەیان بۆ بەغداد گواستەوە، پێیانوابوو کە ئیدی وڵاتێکی ئازادو بەختەوەر دروست دەکرێ و هەموو



پێکهاتەکان تێیدا دەحەسێنەوە!! بەڵام ئەوخەونە خۆشە ناکام مایەوە، بەتایبەتیش دوای سەرهەڵدانی ئەو شەڕە خوێناویەی کە لە نێوان شیعەو سوننە دەستی پێکرد، تا ئێستا بە سەدان هەزار کەس بوونەتە سووتەمەنی و لە خۆڕاوە کوژراون، هەروەها دوای ئەوەی سوننە ئارەزوومەندانە باوەشی بۆ ڕێکخراوی داعش گرتەوەو شاری موسڵ و تکریت و شوێنەکانی دیکەی ڕادەست کرد، ئیدی شێوازێکی ئاشکراتر لە شەڕی مەزهەبی دەستی پێکرد، دواتر داعش خەونی بە گێڕانەوەی دەستەڵاتی حیزبی بەعسەوە بینی، لەناکاو هێرشی کردە سەر باشووری کوردستان و درێژەی بە شاڵاوی ئەنفالکردنی کوردانی ئێزدیەکان دایەوە، بەوهۆیەوە شەڕی نێوان کوردو سوننەش زیندوو بۆوە، ئێستا دوای ئەو هەموو کارەسات و ڕووداوە، بارزانی سەردانی ئەمریکای کردووە، باوەڕ ناکرێ کە باس لەو کێشەو ئاریشانە نەکرابن و داوای هاوکاری و پشتیوانی لە ئەمریکا نەکرابێ.

داواکردنی هاوکاری و پشتیوانی مافێکی ڕەوای کوردستانیانە، چونکە لەوەتەی دەوڵەتی عێراق بەو سنوورەی ئێستایەوە دروستکراوە، هەمیشە شەڕی کورد قڕان و لەنێوبردن درێژەی پێدراوە، ڕژێمەکانی عێڕاق هەموو جۆرە چەکێکی کوشندەیان لەسەر کوردستانیان تاقی کردۆتەوە، گەلی کوردستان بەردەوام لەبەردەم هەڕەشەو مەترسی ڕاگیراوە، هێرش و پەلامارەکان ناچاریان کردووە کە بیر لە بەرخۆدان و پارێزگاریکردن لە خۆی بکاتەوە، زێدەڕۆیی نیە ئەگەر بگوترێ کە گەلی کوردستان لەهەمووان زیاتر پێویستی بە خۆ پڕچەککردن هەیە، چونکە لەو ڕێیەوە دەتوانێ پارێزگاری لە بوونی خۆیدا بکات و بە زیندوویی بمێنێتەوە.

**کاروان سەربەنی**

K_serbeni@hotmail.com